Australian Government

Inspector-General of Taxation

Taxation Ombudsman

# لەبارەی باج
# سکاڵات هەیە؟



**Kurdish Sorani**

# ئێمە کێین؟

پشکێنەری گشتی و دادوەری باجدانان
(The Inspector-General & Taxation
Ombudsman - IGTO) دەزگایەکی
سەربەخۆی حکوومەتی فیدراڵە کە بەرپرسیارە
وەڵامی سکاڵاکانی تۆ بداتەوە لەبارەی کارە
ئیداریەکانی نووسینگەی باجدانانی ئۆستراليا
(Australian Taxation Office - ATO)
و دەستەی جێبەجێکردنی باج
(Tax Practitioners Board - TPB).



1300 44 88 29
(نرخی پەیوەندیی خۆجێیی)

# ئێمە چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین

ئێمە خزمەتێکی باجی سەربەخۆ و ئازاد دابین دەکەین بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەین کە سکاڵاکانت چارەسەر بکەیت.

«کارە ئیدارییەکان» دەستەواژەیەکی تایبەتی دەستەی جێبەجێکردنی باجە کە بەگشتی پەیوەندی هەیە بە دادپەروەرانەبوون و ژیرانەبوونی مامەڵە و دانوستانەکانی ATO و TPB لەگەڵ تۆ دا.

هەندێ لەو بوارانەی کە IGTO دەتوانێت یارمەتیت بدات بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

- لە کاتی خۆی دا وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی تۆ؛
- کردار و ڕەفتاری ئەفسەرانی ATO یان TPB؛
- لەبەردەستبوونی خزمەتە ئۆنلاینەکان؛
- دڵنیابوون لەوەی کە کردارەکانی ATO و TPB بۆ تۆ ڕوون دەکرێنەوە؛

www.igt.gov.au

- دڵنیابوون لەوەی کە کردارەکانی ATO و TPB لەگەڵ سیاسەت و ڕێبازەکانی خۆیان دەگونجێت.
- دڵنیابوون لەوەی کە ATO یان TPB بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و شەفاف لەگەڵ تۆ دانوستان دەکات و هەموو زانیاریە دابینکراوەکان لە بەرچاو دەگرێت، لەوانە زانیاریەکانی پشکنینی حیساب و لێکۆڵینەوەکان.

ئەگەر دڵنیا نیت کە ئایا ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین یان نە، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

ئەگەر ئێمە نەتوانین ڕاستەوخۆ یارمەتیت بدەین، ئەوپەڕی هەوڵمان دەدەین و یارمەتیت دەدەین کە گونجاوترین دەزگایەک کە دەتوانێت یارمەتیت بدات بدۆزیتەوە.

GPO Box 551, Sydney NSW 2001

# پرۆسەی سکاڵا

بۆ ئەوەی سکاڵاکەت لای نووسینگەی ئێمە تۆمار بکەیت، بەشی «چۆن پەیوەندیمان پێوە بکەیت» (How to contact us) بخوێنەوە.

دوای تۆمارکردنی سکاڵاکەت، ئەفسەری لێکۆڵینەوەی IGTO لە ماوەی 2 ڕۆژی کاری دا پەیوەندیت پێوە دەکات بۆ ئەوەی پێت بڵێت سکاڵاکەت گەیشتووە و هەروەها لەبارەی سکاڵاکەت لەگەڵت گفتوگۆ بکات.

ئێمە ڕاستەوخۆ یارمەتیت دەدەین تاوەکوو ئەوەندەی کە مومکینە سکاڵاکەت چارەسەر بکەیت.

ڕەنگە پێویست بێت زانیاریی زیاتر لە تۆ، ATO یان TPB وەربگرین بۆ ئەوەی باشتر لە سکاڵاکەت تێبگەین و دیاری بکەین کە باشترین ڕێگە بۆ یارمەتیدانی تۆ کامە یە.

ئێمە لەبارەی ڕەوتی پێشوەچوونی هەنگاوەکانمان زانیاریی نوێ دەدەینە تۆ و لە ماوەی پرۆسەکە دا خشتەی زەمەنیی لێکۆڵینەوەکانمان دەدەینە تۆ.

# چۆن پەیوەندیمان پێوە بکەیت

**www.igt.gov.au**

**1300 44 88 29**
(نرخی پەیوەندیی خۆجێیی)

**GPO Box 551**
**Sydney NSW 2001**

ئەگەر دەتهەوێت سکاڵایەک بە زمانێک غەیری ئینگلیزی تۆمار بکەیت، تکایە لە ڕێگەی ژمارەی **131 450** ەوە پەیوەندی بکە بە خزمەتی تەرجومە و وەرگێڕانی زارەکی (Translating and Interpreting Service - TIS).

ئەگەر کێشەی بیستن یان قسەکردنت هەیە و دەستت بە تلەتایپڕایتەرێکی گونجاو (TTY) یان ئامێرێکی مۆدێرن دەگات، تەلەفۆن کە بۆ **13 36 77**.

ئەگەر کێشەی بیستن یان قسەکردنت هەیە و دەستت بە تلەتایپڕایتەر (TTY) یان ئامێرێکی مۆدێرن ناگات، بە ژمارە تەلەفۆنی **1300 555 727** پەیوەندی بکە بە خزمەتی ڕێلەی وتە بە وتە (Speech to Speech Relay Service).